# ئاراستەچەوتەکانی سەلاح گەرمیان!

عامر سابیر
asabir79@hotmail.com

سەلاح گەرمیان وەك كاندیدێك لە هەڵبژاردنەكانی عێراقدا بەشداری دەكات كە بڕیارە لە 2005/1/31 دا بەرپابكرێت وە داوا لە كوردەكانی سدنی دەكات كە دەنگی بۆ بدەن.

بە قسەی خۆی حیزبێكی بچوكی تازە دامەزراو داوایان لێی كردوە كە ببێت بە پاڵێوراویان، ئەمیش دوای ئەوەی داوای بەرنامەكەیان ئەكات وە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە پرۆگرامەكەی بۆ دەنێرن ڕازی دەبێت كە وەك پاڵێوراوێك بەشداری ئەو گاڵتەجاڕی یە بكات كە ئەمریكاو ئەڵقە لەگوێكانی ناویان ناوە هەڵبژاردن.

هەر چەند مانگ پێش ئێستا بوو سەلاح گەرمیان و چوار كەسی تر وازیان هێنا لە كاركردن لە گەڵ ئەو ڕیفراندۆمەی كە یەكێتی شێركۆ بێكەسی پێ سەرگەرم كردبوو. بە قسەی خۆی دوای ئەوەی بۆی دەركەوت كە ئەم ڕیفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی كوردستان و ڕاپرسینی خەڵك نەبوو، بەڵكو مانۆڕێكی چەواشەكارانەی زل حیزبەكانی كوردستان بووەو بۆ فیدرالیزم و مەرامی بەرتەسكی ئەو حییزبانەو خۆڵكردنە چاوی خەڵك بووە. زۆر بە دروستی وازی هێناو لە گەڵ ئەو شەپۆلە نەڕۆیشت كە ئێستا خامۆش بۆتەوەو دەنگێكی نەماوە.

ئایا سەلاح لە خۆی ناپرسێ كە خەڵك ئەبێت باوەڕ بە كام ئاراستەو هەڵوێستی ئەو بكەن، ئەوەی دوێنێ بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستان قسەی دەكرد یان ئەوەی ئەمڕۆ بە خەڵك دەڵێت بەشداری هەڵبژاردن بكەن.

ئەم هاوڕێ یە ماوەیەكە خۆی كردووە  بە نووێنەری (چاك) لێرە، ئایا لە

لە خۆی ناپرسێ كە خەڵك ئەبێت كام قسەو كارەی بە هەند بگرن، ئەوەی كە باسی دادگایی كردنی كیمیا گەیەنەرو وەشێنەرەكانی ڕژێمی بەعس      دەكات یان ئەوەی كە لە پرۆسەیەكدا بەشداری دەكات كە خەڵكی كوردستان بە دەست و چاوی بەستراوەوە دەباتەوە بەر ڕەحمەتی ڕیش پانە ئیسلامییەكان و عەرەبە فاشیستەكان لە بەغداد.

پێ دەچێت هەڵوێست لای هاوڕێ سەلاح گرینگ نەبێت! ئەو خەریكی شەن كردنە، لە كوێوە بای هات شەن هەڵدەدات، گرینگ لای ئەو ئەوەیە          باس بكرێت و ناوی لە ناواندا بێت.

سەیر لەوەدایە سەلاح خۆشی دان بەوەدا دەنێت كە گەڕانەوە بۆ بەغداد      هەڵەیەكی مێژووییە، باشە گەر باوەڕت بەم قسەیەی خۆت هەیە بۆ          بەشداری ئەو پرۆسەیە دەكەیت و ڕێگەی بەغدادت گرتۆتۆ بەر؟

لە ئێستادا لكاندنەوەی خەڵكی كوردستان بە عێراقی بەشێك لە دنیای  عەرەب (كە دوێنێ سەدام وای پێناسە دەكردوو ئەمڕۆ هۆشیار زێباری دووبارەی دەكاتەوە) نەك هەر هەڵەیەكی مێژووی یە، بەڵكو تاوانێكی گەورەی مێژووی یە لە بەرامبەر خەڵكی كوردستاندا كە لێخۆشبوون و  سڕینەوەی بۆ نیە. لە ئێستادا كە ئەمریكا خەریكە لە ڕێگەی بەناو هەڵبژاردنەوە حكومەتێكی ئیسلامی قەومی ئەسەپێنێ بە سەر خەڵكی  عێراقدا گەڕانەوەی خەڵكی كوردستان بۆ ژێر سایەی دەسەلاتێكی بەم جۆرە لە  بەغداد لە دەستدانی زێڕینترین هەلە كە لە بەردەم خەڵكی كوردستان دایە تا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێكەوە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت.

سەرجەم بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی كورد بە زل حیزب و پاشكۆكانیەوە بە هەموو ئەكادیمیست و قەڵەم بە دەست و قسەكەرانیەوە خۆ بە كەم زان و بێ ئاسۆ و بێ شەهامەت و تۆقێنراوە، وە لە بەرامبەر خەڵكی كوردستاندا دكتاتۆر و ملهوڕ و دز و چەقۆكێشن. بە داخەوە بەم هۆیەوە نەمانی ستەمی نەتەوایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتێك لە كوردستاندا بووە بە ئەركی سەرشانی كۆمۆنیستە كرێكاریەكان لە عێراق و كوردستاندا.

**من هیوادارم سەلاّح گەرمیان لە بەرەی دژی خەڵکی کوردستان بێتە دەرەوە، هیوادارم لە 1/31 دا لە جیاتی دەنگدان و هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەن، بەشداربێت لەو ئاکسیۆن و خۆپیشاندانەدا   کە لە هەمان ڕۆژدا لە بەردەم سندوقەکان بەڕێ دەخرێت بۆ داوای بەڕەسمی ناسینی مافی خەڵکی کوردستان بۆ ڕیفراندۆم و جیابوونەوە، وە  ڕیسوا کردنی ئەو گاڵتە جاڕی یە.**

**خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژەدا دەبێت بۆ دنیای بسەلمێنن کە ڕازینین بە پلە دوویی، ئەیانەوێ ستەمی نەتەوایەتیان لە سەر نەمێنێ، نایانەوێ دەورەیەکی تر لە کیمیایی و ئەنفال و تاوانی گەورەتریان بەرامبەر بکرێت. لە ئێستاوە تا ئەو ڕۆژە کاری گرینگ لە بەردەم خەڵکی کوردستان و  کەمپین و ڕێکخراوەکانی ڕیفراندۆمدایە، وە لەو ڕۆژەش بە دواوە ئەم خەباتە ئەبێت بەردەوام بێت تا بە ڕەسمی ناسینی مافی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان.**

2004/12/26

**سدنی**